کوردستان : لەگەڵ بەردەوامی سەرماوسۆڵەدا ، گرفتی سوتەمەنیش هەیە

لەگەڵ بەردەوامبوونی گرفتی نەبوونی و کەمی سووتەمەنی لە شارەکانی کوردستاندا ، ڕۆژبەڕۆژ نرخی جۆرەکانی سوتەمەنی لە بازاڕەکاندا بەرزدەبێتەوە ، بە تایبەتی لەگەڵ هاتنی کەشی سەرماوسۆڵە و بەفروباران ، ماڵپەری (ئازادی) پاش پرسیارکردنی لە نرخی سوتەمەنیەکان لە شاری سلێمانیدا ئەوەی زانی کە نرخی (٢٠لیتر) نەوتی سپی لە بازاڕدا گەیشتۆتە (٢٤) هەزار دینار و (٢٠لیتر) بەنزین بە (١٩) هەزار و (٧٥٠) دینار و بوتلێك غازیش گەیشتۆتە (٢٧) هەزار دینار

لە کارگەیەکی بەرگدرووە لە سەقز کرێکارێکی ئافرەت گیانی سپارد

سەرچاوەکان ڕایانگەیاند کە ڕۆژی شەممەی ڕابردوو ، ئافرەتێکی کارگەر لە کارگەیەکی بەرگدرووە لە ناوچەی سەعدی لە سەقز بە هۆی ژەهراوی بوونەوە بە گازی یەکەم ئۆکسیدی کاربۆنی گەرمکەرەوە (زۆپا)گیانی لەدەستداوە . ئەو سەرچاوانە دەڵێن ئافرەتەکە بەهۆی هیلاکی زۆرەوە خەوی لێکەوتووە و هەرپاش ئەوەش هەوای ژوورەکەی ژەهراوی بووە و گیانی سپاردووە .

ڕۆژینتال هەڵمەتێکی دژ بە توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان دەستپێکرد

خاتوو (ڕۆژینتال) بەڕێوەبەری ڕاپەڕاندنی دەزگای شیکاگۆ بۆ ئافرەتان سەرۆکایەتی هەڵمەتێکی دژ بە توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان لە شیکاگۆ و ئەلینۆی دەستپێکرد. شایەنی باسە ماوەی چەند مانگێکە کە ڕێخراوەکە هەڵمەتەکەی بە پرسیارێك دەستپێکردکە دەخوازێت لە لایەن (٤ ملیۆن) کەسەوە وەڵامبدرێتەوە ، پرسیارەکەش دەڵێت (چی بکرێت لە پێناو ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان ؟ چاوەڕێش دەکرێت هەڵمەتەکە کاردانەوەی باشی لێبکەوێتەوە لە پێناو دانانی سنوورێك بۆ ئەو توندوتیژیانەی ئافرەتانی ئەو ناوچەیە ڕووبەڕووی دەبنەوە.

لەمەغریب پیاوێك ژنەکەی بەچەقۆ دەکوژێت

بەپێی ئاژانسی هەواڵی ڕۆژیتەرز ،هاوڵاتیەکی مەغریبی «دانیشتوی ناوچەی» تەگوان» ی باکوری مەغریب ،بەچەقۆ سەری هاوسەرەکەی برینداردکردووە پاش ئەوەی ژنەکەی دەستخۆشی لەلەسێداردانی سەدام کردووە . بەپێی ڕۆژنامەی «الاحداث» ی مەغریبی ،ڕوودەداوەکە دووشەمەی هەفتەی ڕابردوو ڕوی داوە ،کاتێك پیاوەکە بەچەقۆیەی کە مەڕی قوربانی جەژنی پێ سەربڕیوە ،گوێ ی لەژنەکەی بووە ،کەدەستخۆشی لەلەسێداردانی سەدام کردووە و گوتوویەتی سەدام شایەنی ئەو سزایەیەو مێردەکەشی بەچەقۆ برینێکی قوڵی خستۆتە سەری هاوسەرەکەی و بەپەلە گەیەنراوەتە نەخۆشخانە.

ئەندامێکی کنیسیت لەگەڵ بەکردەوەکردنی ڕۆڵی ئافرەتانە

دکتۆر «حەننا سوید» ئەندامی پەرلەمانی ئیسرائیل «کنیسەت» لەبەرەی دیموکراسی و ئاشتی و یەکسانی ،لەمیانەی دیدارێك دا لەگەڵ نێردراوێکی ئافرەتانی کۆمەڵەی «ئیبن خەلدون» باسی لەڕۆڵ و پێگەی ئافرەتان کرد لەژیانی گشتی کۆمەڵگاندا. هەرلەوێدا ئەو ئەندام پەرلەمانە گوتی ،تەنها باس کردن و پێشنیارکردنی یەکسانی بۆئافرەتان تەواو نی یە ،بگرە دەبێ بەکردەوە کاربۆیەکسانی مافەکانی ژنان بکرێ لەبوارە جیاجیاکانی ژیاندا.

بەڕێوەبەری ناحیەی عەنکاوە فەهمی مەتی سۆلاقە :

*بەهیچ شێوەیەك کۆمەك لە فاتیکانەوە نەهاتووە بۆ عەنکاوە!

*یانەی مامۆستایان تایبەتە بە خێزانی مەسیحییەکانو، حکومەت بەو ناوەوە مۆڵەتی پێداون.

ئا :بەکر تەیفور

-عەنکاوە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانەو لە ئیدارەی پارێزگا هەروەکو ناحیەکانی دیکەی کوردستان نییە، پێت وانییە ئەمە ببێتە جۆرێك (پارچە)یەکی دابڕاوو تایبەت؟

+ هیچ شتێك لە ئاراداا نییە شتی وانیە ، هەڵبەت عەنکاوە تایبەتمەندی خۆی هەیەو خەڵکێکی بێ گیوگرفتو لێبوردنو لە هەمان کاتدا داب و نەریتێکی مەدەنیانە لەخۆدەگرن.

-هۆکاری ئەم جیاکارییە دەبێ لە چی بێ؟

+تەنها کاروبارەکانی شارەوانی تایبەتکراوەتە سەر ئەنجومەنی وەزیرانو هیچی تر.

-بۆ، ئەمە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟

+نازانم، حکومەت دەیزانێ.

-مەگەر ئێوە نوێنەری حکومەتی هەرێم نین لێرە، بەرپرسی یەکەمی ئیدارەنو کاروبارەکان رادەپەڕێنن؟

+نایزانم، ئێمە ماددەی ٤٢ی پارێزگا جێبەجێ دەکەینو کە تیا هاتووە (لەسەر بەڕێوەبەرایەتی ناحیە ئەوەیە ئەم بریارە پابەندبێ پێوەی) و من لەسەرمە بریارەکان بەجێ بگەیەنمو پیادەی بکەم، من دەزگایەکی جێبەجێ کارمو تایبەت کراوە بە ئەنجومەنی وەزیران.

-پێتان وایە ئەمە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟

+نازانم پێدەچێ . . . .(پاش هەڵوەستەیەك و بێ دەنگییەك) ئەوجا وتی: ئەگەر بۆچوونی منیان وەربگرتایایە من بۆچوونێکم هەیە لەو بارەیەوە، بەڵام بۆچوونی من وەرنەگیراوە.. یەکسەر وتیان گرێدراوە بە ئەنجومەنی وەزیرانو تەواو.

-ئەم تایبەت بوونە پێت وانییە ئەمە جۆرێك بێ لە پارچەیەك لە کوردستان هەروەکو چۆن لە زۆرێك لە وڵاتانی رۆژئاوا؟

+نا.. نەخێر شتی لەو بابەتە نییە ، تەنها بە مەبەستی بەدراداچوونی کارگێڕییە! بزانە سیاسەتی حکومەت چییە لەو بارەیەوە؟.

-پێت وایە ئەمە لە ئەنجامی ئەوە هاتبێ کوردەکان لێرە گرفتیان دروست کردبێو ناکۆکی دروست بووبێ؟ بۆچوونی دووەم ئەوەیە ئەم دەورووبەرە تایبەت دەبێ بە بەرپرسان؟

+ئێستا نزیکەی پێنج سەد ماڵە کورد هەیە لە عەنکاوە.

-ئێ خۆ ناتوانن ئەو ماڵانە دەربکەن، بەڵام ئەمە ڕێگرتن نییە لەوەی کورد بێتە ئێرە نیشتەجێ ببن؟

+نا.. نەخێر بەدیدی من گەرچی ئەمە فەرمی نییە تەنها بۆ ئەوەیە بڵێن ئەمە ناوچەیەکی مەسیحیی نشینەو یانی زۆرینەی مەسیحییە ، هەر ئەوەندەیە. پاراستن لەسەر ئەم ناوچەیە دەکرێ، ڕەنگبێ گەر ڕێژەی کورد زیاتر ببێ داب و نەریتو کلتورەکە کەمتر ببێتەوە لە بۆنە ئایینییەکاندا ئەوکاتە کۆنترۆڵ نەکرێ، بۆ نموونە لە یادی کریسمس کەمێك پێیان ناخۆش ببێ.

-پێم وانییە ئەو کوردانەی نیشتەجێی جیاکارییە بۆ ئایندەی ئەو وڵاتە خراپ بێو بەرەو جیابوونەوەو پارچە پارچەبوونیمان با؟

+نەخێر، ئەمە جیاکاری نییەو لە مێژوورییەکی دوورو درێژەوە پێکەوە ژیاوینو دڵنیایت دەکەمەوە جەخت لەسەر پێکەوە ژیانو برایەتیو لێبوردن دەکەینەوە هەر دەبێ وابێ عەنکاوە، ئەو پێکەوە ژیانەی عەنکاوە نموونەیە لە دونیادا.

-سەبارەت بەو بڕە پارەیەی ٢٥ ملیۆن دۆلار لە فاتیکانەوە هاتووە بۆ عەنکاوە لە ڕێگای حکومەتی هەرێمەوە سەرف بکرێ ئەمە چ یاسایەك ڕێگا بەمە دەدا کەوا بۆ شوێنێکی تایبەت، ئەمە چی دەگەیەنێ بەلای ئێوەوە؟

+ئێمە وەکو حکومەتی هەرێم هیچ زانیارییەکمان نییەو نەمانبیستووە، شتی وانییەو بێ بنەمایە، جارێکیان لە خەڵکیم بیست، بەڵام ڕەسمی نییەو، لانی جەختکردنە لەسەر برایەتیو پێکەوە ژیان، ئەمە بیروباوەڕی کارمە هیچ جیاوازییەك ناکەم لە کاروبارەکانمدا لە سەر بنەمای یاساو هاوولاتی بوون نەبێ.

-گرفتی برا کلدانیو ئاشوورییەکان چییە؟ پێت وایە ئەمە شتێك لە پشتییەوە نەبێ؟

+نا هیچ گرفتێك نییە هەندێ پارت هەیە دەڵێ ئێمە ئاشوریو هەندێکی دیکەیان دەڵێ ئێمە کلدانین هەندێکی تریان دەڵێ سریانینو ئەرمەنیش هەیە، بێتە سەر واقیع ئێمە هەمومومان یەك نەتەوەین جا چ ئاشوریو کلدانیو سریانی بێ، هەموویان یەکن هەندێکیان دروشمیان هەیەو جیاوازن.

-ئەمە بنەمایەکی هەیە گەرنا ئەم جیاوازییە بۆ؟

+بەدیدی من بێتە سەر واقیع هەر هەموویان یەکنو لەگەڵ ئەوەشدا وەکو ناماژەم پێیدا ئەرمەنیش هەیەو ئایینی هەمومان مەسیحیەتە ، یەك میللەتین، هەندێکیان سەر بەکەنیسەی مەشرقین، ئەوانی دیکە سەر بە پاپان، هەندێکیانیش سەر بە ئەردۆکسن ئەمە لە ڕووی ئایینییەوە، کلدانیەکان سەر بە پاپانو ئاسوریەکانیش

> یانەی مامۆستایان تایبەتە بە خێزانی مەسیحییەکانو، حکومەت بەو ناوەوە مۆڵەتی پێداون.

سەر بە ماردون خانن.

-ناکۆکییەکان چین؟

+ناکۆکی نییەو مەسەلەی نەتەوەیی مەسەلەیەکی هەستو ویژدانەو هەستی مرۆییە ، ئەمانە واقیعیو ڕاستەقینەیە، هەموویان بونیان هەیە..

-ئەمە ئەنجامەکەی نابێتە نەتەوە پەرستی؟

+نەخێر نەتەوەپەرستی نییە.

-هەندێ یانەی خێزانی تایبەت بە برا مەسیحییەکان ڕێگانادەن خێزانی کوردەکان بچنە ژوورەوە بۆ؟

+نازانی چییە؟ لە هەموو شوێنێك یانەی تایبەت هەیە بە جۆرە خەڵکێك وەکو مامۆستایان یا فەرمانبەران.. هتد ، ئێستا یانەیەك دروستکراوە بە مامۆستایانو پەیرەوی ناوخۆیان دەرکردووە تایبەت بە خۆیانو مۆڵەتیان وەرگرتووە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەو یانەیە تایبەتە بە خێزانی مامۆستایانو ڕێگا بە خەڵکی دیکە نادەن، کێ دەڵێ لە ئایندەدا یانەی تایبەت بە ئەندازیارانو پزیشکانو خێزانەکانیان دروست ناکرێ؟.

-ئێوە زەویتان دابەشکرد ساڵانی پێشوو بە چ جۆرە خەڵکێکتان داوە؟

+ساڵی پار زەویمان دابەشکرد بەپێی مەرجەکانی شارەوانی عەنکاوە خەڵکەکە وەریان گرت.

-پێشینە بۆ خەڵکی حزبی بوو؟

+نەخێر بە هیچ جۆرێك شتی وانەبووە. هەر هاوولاتییەك شایستە بووبێ وەریگرتووە کوردەکانیش وەریانگرتووەو مۆڵەتی بیناکردنیشیان دراوە پێیان و زۆربەیان خانوویان لێ دروستکردووەو هەر کوردێك زەوی هەبێ لە عەنکاوە ئێستا سەردانی شارەوانی بکا داوای زەرامەندی بکا شارەوانی مۆڵەتی پێ دەدا.

-دوو ساڵە سوتەمەنیو نەوتتان دابەش نەکردووە؟

+ئەم قەیرانە سەرتاپای کوردستانی گرتۆتەوە بە تەنها عەنکاوە نییە هەر کاتێك نەوت بێ ئێمەش دابەشی دەکەین.

مامۆستایانی پەیمانگای تەکنیکی کەلار ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی(٦-١-٢٠٠٧) ماندەگرن

بەڕێزان / لێپرسراوە حیزبی و حکومیەکانی هەرێمی کوردستان ،
ڕێکخراوە دیموکراتی وجەماوەریەکانی کوردستان،دڵسوزانی زانست و پێشکەوتن

هەموومان دەزانین ئەم وڵاتە بە گشتی و گەرمیان بە تایبەتی چی بەسەر هاتووە و چۆن گەیشتووتە ئێرە، ئەرکی مامۆستاش ئەمڕۆ جگە لەوەی بەردەوامی بردنیەتی لە ڕووی پەروەردە و زانستیەوە پێویستە وەك دەرمان بن بۆ چارەسەرکردنی ئەخۆشیە کومەڵایەتیەکانیش، بەتایبەتی مامۆستایانی زانکۆ و پەیمانگاکان کە بە توێژێکی ستراتیژی و پێشڕەو لە کۆمەڵگادا سەیر ئەکرێن و هەمیشە جێ ی متمانەن.

زۆر بە داخەوە کە ڕاگری پەیمانگای تەکنیکی کەلار(مامۆستا یونس صادق الصافی) بە پێچەوەانەی ئەو ڕاستیانەوە (١٢) ساڵ لەمەو پێش بە هەرشێوەیەك بو بێت (لە زانکۆی سەلاحەدین) ساڵی ١٩٩٥ هاتوتە کەلار و متمانەی دروستکردن و گەشەپێدانی ئەو پەیمانگایەی پێ بەخشراوە بەڵام لەیەکەم ڕۆژەکانی هاتنییەوە ئەو متمانەی دۆڕاندوە و دوای ماوەیەکی کەم بە قسەو ڕاپۆرت و بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەکاندا چەندین گلەیی و گازندە و سکاڵای لە سەر بڵاوکراوەتەوە و سەرنەنجام گێژراوەو و بەڵام دوای ساڵێك لە بەر هەر هۆیەك بوبێت خۆی گەیاندەوە وێژەی کەلار.

سەد حەیف تا ئێستا ئەو کارو کردەوە ناشیرین و گەندەڵی یە (ئیدارەی و دارایی و ئەخلاقی و فکری) یانەی ئەو لە هیچ زانکۆ و پەیمانگایەکی تردا نەکراون و نەبیسراون و نەبینراون و هیچ ڕاگرێك نەیتوانیوە یان ڕێگەی بە خۆی نەداوە بیانکات. چونکە دورن لە (یاسا و ئاداب و نەریت و ئایین وعەقل و مەنتیق) و هەموسنورەکانی بەزاندوە و شایستەی هیچ مرۆڤێك نیە نەك مامۆستای زانکۆ و پەیمانگا، و لەم ڕۆژانەی دوایش دا بە تەواوی لە خۆی بایی بووە و گوفتار و ڕەفتارەکانیشی لە سایتەکانی(کوردستان بۆ هەواڵ) و(کوردستان پۆست) و (کوردستان نێت)و(ڕینیسانس) دا بڵاوکراونەتەوە، وە چەندین کەسایەتی حیزبی و حکومی و سەرۆك هۆز و بە کێشەکەیان زانیوە ،ڕێزای چەند چاوپێکەوتنێکی خۆی پڕ لە قسەی بەرز و نزم کە لە ڕۆژنامەکانی(خوێندنی لیبراڵ) و(هاوڵاتی)و (خۆرنەوەزان) دا بڵاو کراونەتەوە.کە خۆی و ئێمەشی لە بەرچاوی خەڵك کەم کردوەتەوە. بۆیە بە ناچاری بۆ شەرعیەت دان بە مانگرتنەکەمان بە کورتی تەنیا هەندێك لەو کارو کردەوانەی کە ئەخرێتە سەر کاغەز و لە ماوەی (١٢) ساڵی ڕابوردوو ئەنجامی داوە ئەخەینە بەردەستی لێپرسراوان و خەڵك بە هیوای دۆزینەوەی چارەسەری یاسایی گونجاو کە تەنها (لابردنی) مان لا گرنگە.

١- بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر باوەشی کردوە بە کورسیەکەیدا و بە کورسی بەرزتری ناگۆڕێتەوە. خۆی ئەڵێت(بە مردن یان خانەنشین کردن لێرە ئەڕۆم!! ئەگەر بشڕۆم (ژمێریار) وکەم لە گەڵ خۆم ئەبەم)، ئەمەش لێکدانەوەکەی لای شارەزایانی دارایی یە.

٢- پەیڕەوی کردنی بیرۆکراتیەت و مەرکەزیەتێکی لە ڕادە بەدەر توند و تیژ کە ئەگاتە ئاستی گونەیی و کەلەگایی و حساب بۆ سەرو خواری خۆ نەکردن و لە پشتی (٣) پرسگەوە حوکمی قەرەقۆشی ئەکات.

٣- سودوەرگرتن لە لێپرسراوانی هەردوو حیزبە سەرەکیەکە لە پێ ی کاتی دەسەڵات داریان لە گەرمیاندا، لە کاتێکدا هەربڕوای بە(سیاسەت) نیە و خۆی لە نار مامۆستایاندا دەستی کردوە بە گیرفانیداو ووتویەتی هیچیان(٢٠٠) دیناری گیرفان ئاهێنن و من ئەگەر حیزبە ئیسلامییەکانیش حوکم بکەن بستێك ڕیش دانەنێم.ئێستا ئەڵێت (من لێرە ئیشم نەماوە تەنها بە مەبەستی (سیاسی) لێرەم)، بەو فڕو فێڵە خەڵکی ترساندوە و بۆیە نەیانتوانیوە یان نەیانویستوە یان نەیانوێراوە دەست بهێننە ڕێگای، ئێمەش دڵنیایت کە ئەو لێپرسراوانە ئاگایان لێ نیە چی ئەکات. یان بە فڕو فێڵ و چەواشەکاری شێواندنی ڕاستیەکان لایان خۆی ئەباتە پێشەوە تەنها بۆ مانەوەی لە کەلار.

٤- کۆکردنەوەی(٤-٥)کەس لە پەیمانگا بەدەوری خۆیدا و دانیانی بە دەم ڕاست و چاوساغ لە لایەك و کردنیان بە لەمپەر بۆ ئەنجامدانی بەرژەوەندی یە هاوبەشە نارەواکانیان، سەرباری ئەوەش بە ناوی خزمانیانەوە بە تلیفۆن هەرەشە لە مامۆستا ئەکات بۆ ئەوەی کێشەکانی خۆی توشی ئەوان بکات خۆی وەك بەرزکی بانان بۆی دەرچێ.

٥- زۆر بێ ئاگایە لە یاساکانی خزمەتی شارستانی و بنەما ئیداریەکان و(٤) ساڵ زیاترە بەریدی پەیمانگای نەخوێندەوتەوە و یەك وانەی لە پەیمانگا نەووتوەتەوە، تەنانەت ئەو نوسراوانەش کە لە پەیمانگا دەرئەچێت، بۆیە نوسراومان لایە (٢٠) هەڵەی زیاتر تێدایە.

٦- بێ پێچ و پەنا و لە هەموو شوێنێکدا وەك حاڵەتێکی دەروونی دژایەتی دروست بوون و گەشەکردنی کولێژەکەی کەلار و ڕاگرەکەی ئەکات و فەرمانبەرەکانی نزیکی خۆی یان لێ هان ئەدات .

٧- بە قسەی خۆی تا ئێستا(٤) جار زەوی وەرگرتوە لە (هەولێر-سلێمانی-کەلار-کەرکوك) !!

٨- (١٢) ساڵە جگە لە (خۆی) و(ژمێریار) زیاتر کەس نازانێ (نەسریە)ی مانگانەی پەیمانگا(چەندە) و(چۆن) دێت و (چۆن) پاکتاو ئەکرێت و(چۆن) بە تەزویرکاری بەسەر خەزێنەو لێژنەکانی چاودێری دارایید اتێ ئەپەڕێنرێت، لە کاتێکدا هەموو کەس ئەزانێ لە کۆتایی ئەوەدەکاندا(٤٥)هەزار دیناری سویسری بووە و دواتر بوە بە(٣٠) هەزار ئینجا بووە بە(٢٥) هەزار و ماوەیەك لەمەوپێش مامۆستا یونس خۆی لە شوێنێکدا ووتویەتی ((ئێمە هەفتەی(٥)ملیون دینار و لە مانگێکدا(٤) جار) واتە (٢٠) ملیون وەرئەگرین هەر بەشمان ناکات)). بەڵام لە چاوپێکەوتنەکەی هاوڵاتی ژمارە(٣٠٦)دا، کە پرسیاریان لێکردوە(نەسریە)ی مانگانەی پەیمانگا چەندە؟ سەرەتا ووتویەتی نازانم!! ئینجا ووتویەتی(٢٠) هەزار دیناری سویسری ئەبێت. ئایا کەس هەیە بڕوا بەم فڕو فێڵ و خۆخەڵەتاندن و خەڵك خەڵەتاندنە بکات خۆ هیچ نەبێت (خەزێنە) ئەزانن.

٩- لە کاتێکدا هەموو بینای پەیمانگا و کەل و پەلەکانی ناویان و تەنانەت دیواری حەوشەکەش لە سەر بوجەی حکومەت و ڕێکخراوە خێرخوازەکانەوە دروست کراون و باخچەکانیش لە سەر شانی(مامۆستا خلیل موسی) و(ابو علی) فلاح و ئەوانی تریش لە سەر (تخصیصات)ی تایبەتی خۆیان کرراون و بەشەکانیش ناتوانن ناوی(نەسریە)بهێنن، جگە لە خۆیان کەس نازانێ(نەسریە) کە چۆن سەرنگوم ئەکرێت،ئەمەش هۆی سەرەکی هەوڵە بەردەوام و ڕەوا و نارەواکانی(م.یونس) ە بۆ مانەوە لە کەلار، چونکە هیچ بەرپرسێك مانگانە (٢٠) ملیون دینارى لە بەردەستدا نیە بێ لێپرسینەوە.

١٠- تا ئەم ساڵانەی دوایی(ژمێریار) کە (دبلۆمی میکانیکە) هەرخۆی سەرپەرشتیاری یەکەکانی(کارگێری و دارایی و گەنجینە) بوو بە بیانووی ئەبوونی فەرمانبەرەوە لە کاتێکدا چەندین فەرمانبەری بێ کار لە ناو پەیمانگادا هەبوون و هەرمانگە و بۆ شوێنێکیان هەڵنەدان. لە جیاتی فێرکردنیان ،ئێستاش بە ڕووالەت چەند فەرمانبەرێکی نەشارەزایان داناوە کە ناتوانن لە ڕوویاندا هیچ بکەن وهیچ بڵێن و خۆیان چی یان بوێت ئەیکەن و (ژمێریار) ئیمزای هەموو کەس و لیژنەو پسوڵە و نوسراوێك بە تەزویر ئەکات و تەنانەت ئیمزای(ڕاگر) یش لە کاتی پێویست دا.

١١-هەمیشە بێ منەتی خۆی لە چۆڵ بوونی پەیمانگا لە مامۆستا و خوێندکار ڕائەگەیەنێت بۆ خەڵك و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکان وەك لە هاوڵاتی ژمارە(٣٠٦)دا ئەڵێت ((وەك چۆن بە قوتابیەکانم ووتوە دەرگای پەیمانگا ڕەوە وشترێکی پیا ئەچێت بە مامۆستایانیش ئەڵێم مێگەلە وشترێ پیاەچێت))

١٢-لە ترسی کورسیەکەی و بەئەنقەست هەمیشە ڕێگر بووە لە هاتنی مامۆستای خاوەن بڕوانامەی وەك خۆی یان بەرزتر، ئەوەشی هاتبێت پەشیمان بووە یان ڕای کردوە یان سەرکوت کراوە. هەروەها لە(١٩٩٥-٢٠٠٢) تەنها دوو مامۆستای ناردووە بۆ خوێندنی ماستەر تاوەکو ئەم ساڵانەی دوایی ناچار بوو ڕێگە بدا بە هەندێك مامۆستا بچن بۆ خوێندن کاتێك خۆیان جێگەیان تەدۆزیەوە . بەڵام ئەمجارەیان فێر بووە لە هاتنەوەیاندا گیروگرفتی زۆر ناپاسایی و ناناسایی یان بۆ دروست ئەکات وەك (راسب)کردنیان لە سیناری پێدانی (نازناوی) زانستیدا و دواخستنی مافەکانیان بە ئەنقەس. وەك مامۆستایان(حسن محمد ڕۆستەم و سامان عبدالرحمن) لە کاتێکدا ماستەرەکانیان بە پلەی (نایاب) وەرگرتبوو.

١٣- تاوەکو ئێستا چەندین مامۆستای بە نارەوا توشی دەردی سەری کردوە بۆ نمونە:-

ا- مامۆستایان(تارق،جەلال مەلیك،خەلیل موسی ی جێگری ڕاگر کە پاسەوانەکەی بە سەرخۆشی لێ هاندا بۆ لێدان و شکاندنی ، ئەویش ناچار نەهاتەوە و داوای گواستنەوەی کرد).

ب- فەسڵ کردنی خۆ بەخۆی مامۆستا(حسن محمد ڕۆستەم) هەڵگری بڕوانامەی ماستەر بە هۆی چونیەوە بۆ حەج بە شێوەیەکی زۆر نا یاسایی و نەزانانە(بێ ئاگادارکردنەوەی لە ڕۆژنامەداو تێپەڕبوونی ماوەی سی(٣٠)ڕۆژەکە بە سەردەرچوونی ئاگادارکردنەوەدا ونناردنی بۆ دەرچوونی فەرمانی وەزاری)، بێ حساب کردن بۆ وەزارەت.

ج- جێ بەجێ نەکردنی فەرمانی پێدانی(نازناوی) زانستی مامۆستا (حسن محمد ڕۆستەم) لە ئەنجامی سیمیناری دووەمدا، دوای ٦ مانگ لە سیناری یەکەم.

د- بانگ کردنی مامۆستا (حسن محمد ڕۆستەم) دوای هاتنەوەی لە حەج و فەسڵ کردنی نایاسایی، بۆ ژورەکەی خۆی و پێ ی ووتوە(تا ئێستا من ڕزقم داویت، ئەوا من ڕزقتم بڕی ، تۆ بۆ لای خوا ڕۆیشتویتە بەرۆ با خوا ڕزقت بدات) ئەمەش لێکدانەوەی زۆر هەڵنەگرێت.

و- گواستنەوەی بە زۆری فەرمانبەران لەم یەکە بۆ ئەو یەکە و لە نێوان بەشەکاندا، ڕاگرتنی پاسی هاتووچۆی فەرمانبەر و کرێکاران لە چلەی هاوینی گەرمیاندا، بۆ ئەوەی بە(پێ) یان بە (کرێ) هاتو چۆ بکەن، لە کاتێکدا دوو پاسی تازە لە ناو پەیمانگادا وەستابون و تەنیا بە مەبەستی (خۆ زل) کردن بەسەریاندا.

١٤- (١٢) ساڵە دڵڕەقانە و بە ئەنقەست ئاو و ئاوەڕۆی پەیمانگا و بەشە ناوخۆیی کچانی پشتگوێ خستوە لە کاتێکدا دوری بیری ئیتیوازیەکە ،(١٠٠)مەتر و ئاوڕۆی سندوقی (٣٠) مەتر زیاتر نابن لێ یانەوە، بۆیە کچان ناچار ئەبن بە مەغبەل و بە قاپلەمە بچن بۆ سەر بیرەکە یان لای تەنکەرەکە بۆ ئاوی خواردن هێنان وەك کانی ژنانی لادێ.

جگە لە بێ کارەباییی بەشە ناوخۆیی کچان لە گەڵ بوونی دوو مولیدەی گەورە لە ناو پەیمانگادا، کۆتی هۆڵەکانی خوێندن و کەم و کورتییان.

١٥- پەیڕەوی کردنی فەلسەفەی کۆن و قێزەوە لە بواری کارگێڕی دا، کە مرۆڤ شەرم ئەکات لە نوسینی بەڵام بە ناچاری هەندێکیان ئەخەینە سەر کاغەز .

ا-ڕاگر ئەڵێت(ئەوەی لێ ی ئەترسی با لە نزیکتەوە بێت!!

ب-ئەوەی خۆشت ناوێت (با دەمت لە ناو دەمیا بێت و.....)!!

ج-ئەوەی خۆشت ناوێت(کەلێی دە و قوڕی دە) ئیتر نازانین پیاوێکی زانستی و ماندوو لە کێ ئەترسێ و کێ ی خۆش ناوێت!

١٦-بۆ دڵخۆشکردنی خۆی و خۆ هەڵکێشان لای دارو دەستەکەی (مامۆستا بانگ ئەکات بۆ ژورەکەی خۆی ، بۆ ئەوەی تەنها پێ ی بڵێت بڕۆ دەرەوە) یان پۆلیسەکانی پرسگە هان ئەدات ئەهێڵن مامۆستا بێتە ژوورەوە.

١٧- سەیر لەوەدایە بەو حاڵەشەوە بۆ فڕو فێڵ و چەواشەکاری ساڵی جارێك ئەڵێت ئەمەوێت ڕاپرسی بکەم، ئەگەر(٢٥٪)تان لێم ڕازی نەبن ئەوا جانتاکەم هەڵئەگرم و ئەڕۆم، و لە کۆبونەوەی ئەم جارەش دا لە پەیمانگا ووتویەتی ئەگەر خانەنشین بکرێم شێت ئەبم.

١٨-بە هەدرحاڵ لە ڕووی ئیداریەوە ڕاست نیە لێپرسراوێك (١٢) ساڵچ لە یەك شوێندا بێت بە تایبەتی ئەو هەموو گلەیی و گازندەی لێ بکرێت بۆ یە ئێمە لامان وایە باش بێت یان خراپ وەختی ئەوە هاتووە بگوڕرێت چونکە جگە لەوەی نەخۆشە بێ توانا بووە و ، زوڵمەکەی لە سنور دەرچووە و گەندەڵیە جۆراوجۆرەکانی بێ وێنەن و شایستەی بواری پەروەردە و فێرکردن نین.

١٩- بۆیە داخوازیەکانمان ئەوەیە :-

ا- ئەگەر بڕوا ناکەن مافی خۆیەتی پلەی بەرزبکەنەوە.

ب-ئەگەر بڕواش ئەکەن هیچ نەبێت بیگۆڕن بۆ ئەوەی ئێمەش بگەڕێینەوە لای خوێندکارەکان و زیانیان بەر نەکەوێت لەم کاتەدا.

ج-پێکهێنانی لیژنەیەکی شارەزا و بێ لایەن بۆ لێکۆڵینەوە لە کارەکانی (١٢) ساڵی ڕابوردووی بە تایبەتی(نەسریە)ی مانگانە و (کەل و پەل).

٢٠- لە کۆتایی دا دڵنیاتان ئەکەین کە ئەو خاڵانەی هەمووی ڕاستن ئەگەر کەم نەبن زیادنین و داواکارین لە هەمو لایەك بە هیچ شێوەیەك گوێ لە قسەو فڕو فێڵ و چەواشەکاریەکانی بۆ شێواندنی ڕاستیەکان نەگرن و ئەم مانگرتنەش هیچ مۆرکێکی ڕامیاری وئایینی پێوە نیە و هیچمان ناوێ تەنها لە دژی ئەو زوڵم و زۆر و گوندەیی و بە حوشتر دانان و هەڕەشە کردنەی شەوی ٢٨/٢٩ -١٢-٢٠٠٦ بە تلیفۆن لە مامۆستا(حسن محمد ڕۆستەم)بە ناوی خەڵکی ترەوە، کە خۆشبەختانە دواتر خۆی ئاشکرا کرد بە نامەو شەڕ ە جنێوکردن ، ئەگینا لەوانەیە کێشەی خراپی لێ بکەوتایەتەوە ڕەنگە هەوڵی تریش بدات بۆ تێوە گلاندنی خۆیان و کەس و کاریان بە فێڵ بازی.

زۆر سوپاسی هاوکاریتان دەکەین
مامۆستایانی مانگرتووی پەیمانگای تکنیکی کەلار
١-١-٢٠٠٧

*قەیرانی سوتەمەنی تەنها لە عەنکاوە نییە، بگرە لە هەموو کوردستانە!